**ڕاپۆرتێک بۆ فەرهەنگستان و ئاکادیمیی زانستی**

**------------**-------------------------------------------------------------**



شانۆنامە ی

# ڕاپۆرتێک بۆ فەرهەنگستان و ئاکادیمیی زانستی

نووسەر:

## فڕانتس کافکا

وەرگێڕانی لە فارسیەوە :

## عەبدوالڕەحمانی عەزیزی


دەرهێنەر ئازاد و موختارە کە بە هەر شێوەیەک دەتوانێ دیکۆر و ڕووناکی بەکار بهێنێت.

کەسەکان:

مەیموون

مەیموون لە نێو جەماوەر و بینەران وەسەر تەختی شانۆ دەکەوێت.

وادیارە بانگە ێشت کرابوو بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی.



**مەیموون:**

**لێژنەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی بەڕێزی ئاکادیمیی زانستی**

**من سەربڵیندم کە ئەم شانازیەم پێ بەخشراوە کە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە بەشی قۆناغی یەکەم و سەرەتایی ژیانی خۆمتان بۆ باس بکەم و بگێڕمەوە.**

**یانی ئەوکاتی کەوا مەیموون بووم**

و بە ئاکادیمی و فەرهەنگستانی زانست پێشکەش بکەم

من زۆر بە داخەوەم کە زۆر بە باشی ناتوانم ئەم ئەرکە بەجێ بە ێنم

چونکە نزیک بە پێنج ساڵە لە ژیانی مەیموونایەتی دوور بووم.

پێنج ساڵە، پێنج ساڵ، پێنج ساڵە

شایەد ئەم کاتە بە ساڵنامە و ساڵژمێری ئێوە زۆر کورتخایەن بێت

بەڵام من بە چوارتاق و بە غار قۆناغ بە قۆناغ زورر بە دژواری وچە رمە سە ری ومینە ت

هە ر چەند بە هاوڕێیەتی لەگەڵ مرۆڤی ماموستا و شارەزا و پایەبەرز و تایبەتمەند وپسپۆڕ

بە یارمەتی و بە ڕێنوێنیەکانیان، هاندانیان

بە دە ست لێدان چەپڵە و گرووپی مۆسیقا و شایی بوو

بەڵام بە تەنیایی پێوام و چووم و ئەو ڕێگایەم بڕی

چونکە هەموو ئەو کەسانە وا لەگەڵما بوون

لەبەر ئەوەی بزانن چی ڕوو دەدات و چیمان بەسەر دێت و ڕووداوەکان چین

خۆیان لە هەرچی کەند و کوسپی ئاستەنگدار دوور دەکردەوە


کە بزانن چون درباز دە بە م وچیم بە سە ر دیت.

ئەگەر منیش بمویستبایە خۆم بە بیرەوەرییەکانی ژیانی ڕابردوو و منداڵیم هەڵواسیبایە

ئەو دەستکەوتانەم مومکین نەدەبوو

دروست وازلێهێنان لەم بەشە

ئەرکێک بوو کە بۆ خۆم دانا.



من کە مەیموونێکی ئازاد بووم

هەرچی هێز و توانام بوو بە کارم هێنا تا بەم ئامانجە بگەم

و بەم کارە خۆم لە ژیان و بیرەوەرییەکانی ڕابردووم دوور و دوورتر خستەوە

ڕێگای گەڕانەوەی من لە سەرەتادا

هەروەک ئەوەی کە ئینسانەکان دەیانویست

بە درێژایی باڵای ئاسمان بوو

هاوکات کە بۆ پێشەوە پاڵیان پێوە دەنام و پێش دەکەوتم

هێدی هێدی لە جە ستە م  دا کز و لاواز دەبووم

من لە دونیای ئینسانەکان زیاتر هەستم بە ئارامی و ڕاحەتی و خۆشی دەکرد و هۆگری دەبووم.

تۆفانێک منی لە ڕابردووم هەڵقەندبوو

بە ئارامی و هێدی هێدی دبۆوە

و ئەمڕۆ بۆتە کزەبایەکی کە لەبەری پێمەوە تا سەرێ فێنکی کردوومەتەوە

و ئەوە بۆ شایی وا تۆفانی لێ هەڵدەستا و زەمانێک منی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو

ئێستا ئەوندە چکۆلە بۆتەوە.

ئەگەر من بمەوێت بگەڕێمەوە و هێز و توانای باشیشم هەبێت بچمەوە، دەبێ هەرچی تووک و پەشمی لەشمە، هەڵیپاچم و هڵیقرچێنم

تا بتوانم بەوێدا پڕۆمەوە.

ئەندامانی بەڕێز

هەرچەندە بۆخۆم زۆر زۆر حەز دەکەم و زۆر تامەزرۆی ئەوەم کە بزانم

بەڵام دەبێت بە ئاشکرا ئەوە بڵێم پاشماوەی نەسلی مەیموونەکان لە نێو ئێوەدا

هەڵبەت ئەگەر شتێکی وەها ببێ

ناتوانێ مێژوویەکی دوورتر لە مێژووی منی هەبێت.

بن پێی هەر گیان لەبەرێک لە سەر ئەم عەرزە بە ختیلک و خوروو دەکەوێت

چ بەچکە شامپانزە بێت

چ ئاشیلی ئەفسانەیی و هەتاهەتایی.

بەڵام من دەتوانم زۆر بە کەمی وەڵامی پرسـیارەکانی ئێـوە بـدەمەوە و زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەم کارە دەکەم.

یەکەمین کارێک کە لە ئینسانەکان فێر بووم

دەست لێدانەوە بووە.

دەست لێدانەوە نیشانەی ڕاستی و دروستیی‌یە.

بەڵام من ئەمڕۆ لە باشترین پەلی قۆناغی پێشکەوتن‌دام

دەمەوێت قسەیەکی ڕاست لە ئەم دەست لێدانەوە زیاد بکەم

ئەم قسەیە

کە زانستێکی تازە ناتوانم پێشکەش بە زانستگاکەتان بکەم.

زۆر لەوە خوارترم کە بتوانم ئەم چاوەڕوانیەتان بەدی بهێنم

بەڵام ئەمە، ئەوە دەسەلمێنێ کە یەک مەیموون

پێشـینەی ئەوەی هەیە بـۆ چـوون وبـۆ ڕەخـنە کـە ردن لە نێـو دونیـای ئینسانەکان ئەم ڕێگایە ڕۆیشتووە وبریویتی

ئەگەر من لەسەر ئەم هەڵوێستەی خـۆم سـوور نەبـوایەم و لە دونیـای شارستانیەتی‌دا باس و لێکۆڵینەوەی لێ نەکرابایە

ئەم ئیزنەم بە خۆم نەدەدا

ئەم قسەی وا ئێستا بۆتان باس دەکەم بە زمانی‌دا دێنم.

من لەوە پێش لە زیاوی زێڕین‌دا دەژیام



**زانیاری و ئاگاداری خۆم سەبارەت بە ڕاوکردنی خۆم دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی دیکە.**

**ڕۆژێک دەمەو ئێوارێ نزیک بە ڕۆژاوابوون**

**بە دەم گەڕان و پیاسەکردنەوە، لەگەڵ گەلە مەیموونەکانی دیکە چووم بۆ سەر چۆم و ئەستێرەکە بۆ ئاوخواردنەوە.**



گرووپــی ڕاوکردنــی شــەریکەی «هــاگن بــک» لە نێــو قــۆپی و دارستانەکەی زیاوەکەدا خۆیان حەشار دابوو



لە هەمان کاتدا بوو دەنگی تەقەی گوللە هەستا و گوللەباران کراین



**من تەنیا مەیموونێک بووم کە وەبەر گوللە کەوتم**

**دوو گوللەم لێ کەوت**

**هەڵبەت دەبێ ئامـاژە بەوەش بـکەم لە دوای ئەوە بـوو کە لەگەڵ بەرپرسـی ئەم گـرووپە ڕاوچـییە بـووم بە دۆسـت و چەنـدین بەتڵی شەڕابمان پێکەوە خاڵی کرد.**



بەڵێ دوو گوللەم لێ کەوت.



یەکێک لە گوللەکان لە ڕوومەتم کەوت.

هەرچەند خشتەکی بوو و ڕووشاندی.

بەڵام جێ برینێکی سووری گەورەی بێمووی بەجێ هێشت.

هەر ئەم جێ برینە ناوی قیزاویی و زۆر بێپەیوەندی «پترەسوور»ی بۆ بە یادگار بەجێ هێشتم و بە یەکجاری بە سەرمدا بڕا.



بێگومان تەنیا جیاوازی لە نێوان من و مەیموونێک بە ناوی «پتر» کە جەل وبە رگ ولیباسێکی سووریان بۆ لەبەر دەکرد و بۆ زۆر کەس ناسراوبوو کە لەم چەند ماوەدا تۆپی، هەر ئەم خاڵە سوورەی سەر گۆنام بوو.


هەڵبەت ئەم خاڵەی ئاخرم تەنیا لەبەر زانیاریتان عەرز کردن.

دووهەمین گولله لە ژێرمۆغەرەی پشتم ... خوارەوە ... خوارتر ... لە نێوسمتم کەوت

برینێکی ئەوندە زۆر و قووڵ بوو کە تا بە ئێستاش هەر دەشەلێم و زۆ بە چاکی ناتوانم دانیشم.

لەم دوایانەدا لە وتارێکی ڕۆژنامەکاندا بە پێنووسی چەندین سەگێکی هار هوروژمیان بۆ هێناوم، خوێندمەوە

نووسراوە کە گۆیا من ئێستاش سروشتی مەیموونی خۆمم لە دەست نەداوە و بەڵگە و سەنەد ئەوەیە کە من بە نیشاندانی جێ برینی ئەو گوللەیە بە جەماعەت پاتۆڵەکەم دادەکەنم.



دەبێت دەست و پەنجەی ئەو کەسانی وا ئەمەیان نووسیوە، لە بندا ببڕنەوە و قامکی دەستی دانە دانە بقرتێنن

ئەمە مافی ڕەوای خۆمە لە پێش چاوی هەر کەسێ پێم خۆش بوو پاتۆڵەکەم داکەنم.

بەغەیرەز ئەوەی کە چ برینێکی قووڵ و بێپەشم و تووک لە ئەسەر گوللەوە

من لێرەدا ئیزنتان لێ دەخوازم کە بۆ ڕۆشن کردنەوە و گەیاندنی باشتری مەبەستم وشەیەکی تایبەت بەکار بهێنم و نامەوێت بە هەڵە تێ بگەن.

و زیاتر لە برینێک کە بەرهەمی گوللەبارانێکی جەنایەتکارانەیە، هیچی دیکەی تێدا نیە

و هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە و هیچ شتێکی بۆ شاردنەوەی تێدا نیە

کاتێک باسی ڕاستیەکان دێتە پێشێ. هەر کەسێکی بائەخلاق و بانزاکەتیش زەریفترین ئادابیش وەلا دەنێت

بەڵام لە بەرانبەردا، ئەگەر ئەو نووسەرانە بێن پاتۆڵەکەیان لەبەر چاوانی دابکەنێت، ئەمە جۆرێکی دیکەی بیرلێ دەکەنەوە.

و ئەگەریش خۆی بپارێزێت ئەوە نیشانەی عاقڵبوونیەتی.

بەڵام دەبێت ئەوانیش دەست لەم وردبوونەوە هەڵگرن و لە کۆڵ من بێتەوە



من دوای ئەو گوللەبارانە کە وەهۆش هاتمەوە

لە قەفەزێک لە نێو خەزێنە ی کەشتی هەڵمیی شەریکەی «هاگن بک»دا بووم.



و لێرەوە هێدی هێدی بیرەوەرییەکانم دەست پێدەکات

ئەم قەفەزە لە چـوار دیـوار دروســت نەکرابـوو، بەڵکـوو سـێ دیـواری هەبوو و بە قەفەزێکی دیکەوە پێوەندی دابوو.

لە ڕاستیدا ئەوە قەفە زی دیکەبوو کە دەبوو بە دیواری چوارەم

ئەم قەفەزە هێندە کورت و نەوی و چکۆلە وباریک بوو

کە نە دەتتوانی تێیدا ڕاوەستی و نە تێیدا دانیشی.

هەر بەم بۆنەوەبە ئەژنۆ نووشتاوە و لەرزان

و شایەد لە بۆ خاتری ئەوەی نەمدەویست کەس ببینم

لە تاریکیدا دەستەوئەژنۆ خۆم کۆ کردبۆوە

و هەڵتروشکابووم.

جۆرێک کە میلە قەفەزەکە لە گۆشت و پێستی پشتم ڕۆدەچوو.

ئەم جـۆرە ئاگـالیبوون لە ئـاژەڵی وەحشــی بـۆ یەکەم جـار بـاش و بەکەڵکە.

و من ئەمڕۆکە ئەزموونی باشم لێ وەرگرتووە

ناتوانم خۆ لەو ڕاستیە بپارێزم کە ئەمە بە عەقڵ و درایەتی ئینسـانیش دروست و ڕاستە.

بەڵام ئەوکات من هیچ لەم بارەوە بیرم لێ نەدەکردەوە و تێنەدەفکرام.

بۆ یەکەم جار لە ژیاندا
هیچ ڕێگا هەڵاتێکم نەبوو.

بەتایبەت بۆ پێشەوە هەر مومکین نەبوو.

لە پێشمەوە قەفەزێکی زۆر سەرتر و پێشکەوتووتر بوو.

بەجۆرێک کە بە شوڵک بە پەنای یەکترەوە گرێدرا بوون

هەڵبەت لە نێویاندا قەڵەشێکی دە لاقە (دەربیجە) تێدابوو کە دوای ماوەیەک بۆخۆم دیتمەوە و پەیدام کرد.

لەسەر نەزانی خۆم لوورەیەکم لە خۆشیان کێشا، زۆرم پێ خۆش بوو.

هەرچەند جێی سەریشم نەدەبۆوە و هەرچەند هێز و توانای مەیموونیم بۆ گەورەکردنەوەی بەکار هێنا، بەڵام مومکین نەبوو.

بەجۆرێک کە دوایی بیستم، من بە درێژایی ڕێگا بەرخەلافی ئەوەی کە کەمتر هەرا و هات و هاوارم بۆ بێت، بێدەنگ بووم.

و پێیان وابوو کە بەو زووانە دەمرم و یا خۆ ئەگەر نەجاتم بێت و لەو قۆناغە تێپەڕم و بە سڵامەت ڕزگاریم بێت و گیان بە دەر بەرم.

ئەوە شیاویی پەروەردە وتەربیەت بارهێنانی زۆر باشم دەبێت.

و من ئەو قۆناغەم بە سڵامەت تێپەڕاند.

بە گریان وقین و بوغزی گەرووم

بە کیچ و ئەسپێیکوژی پڕ لە ئێش و ئازار

بە لێستنەوەی نارگیلێک بە بێحاڵی

بە سەرکوتان لە دار و دیواری قەفەز

بە دەرهێنانی زمانم، کاتێک کەسێکم لێ نزیک دەبۆوە.

**و ئەوانە یەکەم عۆین و ئیش و کار لە ژیانی تازەمردا بون.**

**بەڵام لە تەواوی کاتەکاندا ئەو هەستەم بوو کە هیچ ڕێگایەک بۆ دەرتان و هەڵاتن و دەربازبوون نیە**

**ئەمڕۆ من بە جە خت و تەئکید دەتوانم بڵێم هەست و ئیحساسی مەیموونیی خۆم لەو کاتدا تەنیا دەتوانم بە زمانی ئینسانی بۆتان بڵێم و دووپاتی کەمەوە وێنەکانی بێنمەوە بەرچاوتان.**

**بەڵام ئەگەر ئەم باسکردنە نەتوانێ ڕاستیەکانی مەیموونی ڕابردوو بێت**

**لائەقەل هەر لەم ڕاستیەدایە و هیچ شک و گومانی تێدا نیە.**

**من تا ئەوکات هەمیشە ڕێگا هەڵاتم یبوو.**

**بەڵام ئیدی بە تەواوی مەحو بۆوە و تەواو بوو و نەما**

**بەم جۆرەش زۆر بە تێرادوویی بەدوای ڕێگا هەڵاتەوە هەر ربووم.**

**تەنانەت ئەگەر بە بزماریش من یان داکوتابایە**

**ورەم کەمتر نەدەبو.**

**بەڵام هۆکاری ئەم ئاکارە چیە؟**

**ئەگەر نێوان قامکەکانی لاقتان بخورێت، هۆکارەکانی نازانن. تەنانەت ئەگەر سەر بە ئاسندا بکوتن و سەرتان دوو لەت بێت یا خۆ ئاسنەکە دوو لەت بێت، دیسان هۆکارەکەی نازانن.**

**بەڵێ من ڕێگا هەڵاتم نەبو، بەڵام دەبوو ڕێگایەک بۆخۆم بکەمەوە.**

**چونکە بێ ئەو نەمدەتوانی بژیم.**

**پێشم تەنیا دیواری قەفەزەکە بوو**

**بێ چوون و هاتنەوە وقسە وباس حەتم درنە دەچووم و دەمردم.**

**بەڵام شەریکەی «هاگن بێک» مەیموونەکانیان لە قەفەزدا ڕادەگرت و ئاگاداریيان لێ دەکردن.**

لێرەدا ئیدی من دەستم لە مەیموونبوون هەڵگرت و دەستم لێ شتەوە.

ئەم پیلانەم زۆر ڕوون و ئاشکرا و باش بو کە من زۆر بە باشی بە زگم دامڕشت.

ئاخر مەیموونەکان بە زگیان تێدەفکرن و بیر دەکەنەوە

من ترسم لەوەیە کە لە مەبەستم بۆ ڕێگاهەڵاتن زۆر بە باشی تێنەگەن

من لەم وشەیە لە پێنا تێگەیشتنی باشترتان بە کار دەهێنم.

بۆیە زۆر بە وردی و بە تێرادوویی لە وشەی ئازادی خۆ دەپارێزم

مەبەستی من لەو هە ست وئیحساسی خۆشی ئازادی نیە

من لە وانە یە شایەد لە کاتی دەورانی مەیموونبوونمدا ئەم هەست و ئیحساسەم ببوایە و بمناسیبایە

و ئەشمناسی


و کاتێک لەگەڵ زۆر لە ئینسانەکاندا ئاشنا بووم کە زۆر تامەزرۆی ئازادی بوون لەگەڵ ئەم هەستەدا دەژیان.

سەبارەت بە خۆم دەبێ بڵێم کە نە لەوە پێش و نە لە ئێستادا خوازیاری ئازادی نەبووم و نیشم

تازە ئینسانەکان سەبارەت بە ئازادی زۆر لەگەڵ یەکتر درۆ دەکەن

و دروستە کە ئازادی لە خاوەنشکۆترین هەستی ئینسانیە بەڵام لە گەورەترین درۆکانی ئینسانە کە بۆ فریودانی یەکتر بەکاری دەهێنن.

من زۆرکات لە سیرکەکاندا پێش ئەوەی بچمەوە ژوورەوە دوو زەوجی هاوبە شی هونەرمەندم ەبینی هاوجووت لەسەر جۆلانەکە کە بەرەو ئاسماندا دەڕۆنە سەرێ و دێتە خوارێ.



دەور لێدەدەن و هەڵدەسووڕێن

لەم لا بۆ ئەولا دەپەڕن

قۆڵ لە قۆڵی یەکتر دەخەن. بە شان و پیلی یەکتردا سەر دەکە ون.

یەکیان قژی ئەی دیکە بە ددان دەگرێت و لە حەوادا ڕای‌دەگرێت.

و من بیرم لێ دەکردەوە

ئاخ کەوایە ئازادی ئینسان. ئەم جووڵانەوە و خۆشیە

بەڵام ئەوە هیچ شتێک لە گاڵتەی سروشتی موقەددەس نیە.

هیچ بینایەک هێزی خۆڕاگری لە بەرانبەر پرماندنی پێکەنینی مەیموونەکان لە دیتنی ئەم جۆرە دیمەنانە نیە

نا نا من خوازیاری ئازادی نەبووم،

تەنیا ڕێگایەکم بۆ ڕۆیشتن دەویست

بۆ ڕاست

بۆ چەپ

بۆ هەر شوێنێک بێت

من هیچ داخوازێکی دیکەم نەبوو

تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێگا فریودانیش بوایە

داخوازیەکەی من زۆر بچووک بوو و فریودانەکەشی نەیدەتوانی لەوە زیاتر بێت

من تەنیا دەمویست بڕۆم، بڕۆم بەرەو پێشەوە

من تەنیا دەمویست پڕ بە باڵای خۆم و کاتێک دەست هەڵدێنم، بێ ئەوەی ئێش و ئازارم پێ بگات ڕاوەستم

ئەمڕۆ بۆ من زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بێ ئارامی و هەستی دەروونی هیچ کات ناتوانم ڕزگارم بێت

و لە ڕاستیدا تەواوی پێشکەوتنەکانی خۆم لە خۆشی و ئارامی هەستی دەروونیمدا دەزانم

کە چ جۆر لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە خەزێنە ی کەشتیەدا بەسەرمندا هات

بەڵام من زیاتری ئەم ئارامشەم لە کاربەدەستان و کرێکارانی کەشتیەکە دەزانم

سەرەڕای هەموو کەند و کوسپێ کە دەبێ بڵێم ئەوان زۆر ئینسانی چاک بوون.

من ئێستاش دەنگی هەنگاوە قورسەکانیان لە نێوان خەو و وشیاری دێتە گوێم. زۆر بە بیرم دێتەوە

ئەوان عادەتیان بوو هەموو کارێکیان زۆر بە ئەسپایی و هێواشی ئەنجام دەدا.

بۆ وێنە ئەگەر بیانویستایە چاویان بسڕن و دایانبخەن، دەستیان وا دەبردە سەرێ وەک ئەوەی ئاسنی پێوە هەڵواسرا.

گاڵتەکردنیشیان زۆر بە توورەیی بوو بەڵام زۆر لەگەڵ یەکتر بە خۆشەویستی دەجوڵانەوە.

پێکەنینەکانیشیان هەمیشە بە قۆخەوە دەستی پێ دەکرد و لە ڕواڵەتدا زۆر خەتەرناک بەڵام گرینگ نەبوو.

هەمیشە شتێکیان لەمردا بو تفی کەنەوە و بۆیان گرینگ نەبوو تف لە کوێ دەکەن.

هەمیشەی خودا بۆڵە و شکایەت و سکاڵایان دەکرد کە کیچ و ئەسپێی من ڕۆیشتن و لەوان نیشتوون بەڵام هیچ کات زۆر بە جیدی لە دست من توورە نەدەبوون.

ئەوان دەیانزانی کە کیچ و ئەسپێکان لە نێو پەشم و تووکی مندا بەسەر دەبەن و دەژین

ئەوەشیان دەزانی کە کیچ و ئەسپێ هەڵدەخەنەوە و دەردەپەڕن

و ئەم بابەتەیان قەبووڵ کردبوو

و زۆرجار لە کاتی پشووودان دەهاتن دەوری من‌یان دەدا و دادەنیشتن

زۆر بە کەمی قسەیان دەکرد

دووکەڵی پیپەکەیان سەر قەفەزەکەی دادەپۆشی

هەرکات من جووڵەیەکم دەکرد

زۆر بە خێرایی و بە توندی لەسەر ئەژنۆی خۆیان دەدا

زۆرجاریش یەکیان قوڵەدارێکی هەڵدەگرت و ئەو جێگای وا من پێم خۆش بوو ختیلکەی دەدا

ئەگەر ئەمڕۆکە داوام لێ بکەن کە وەرە بە کەشتیە سەفەر بکە موسەللەمە کە قەبووڵی ناکەم، هر چەند کە بیرەوەریم لەم کەشتیە زۆرە و بۆم ماوەتەوە

ناخۆشم ناوێن و زۆر قیزهێنەر نین

بەڵام ئەو ئارامیەی وا لە نێوان ئەواندا بە دەستم هێنا منی لە هەر چەشنە تێکۆشانێک بۆ هەڵاتن دوور خستەوە

ئەمڕۆ کە کاتێک بۆ ڕابردوو ئاوڕ دەدەمەوە و بۆ ئەوکات دەڕوانم و تێ‌دەفکرم تەنیا دەمزانی کە دەبێ زیندوو بمێنم تا ڕێگا چارەیەک پەیدا بکەم، بەڵام نە ڕێگا هەڵاتن.

بەدوای ڕێگا هەڵاتدا نەبووم

من ئەمڕۆ نازانم، لەبیرم نایەت کە دەمتوانی هەڵێم و ئایا ڕێگا هەڵاتن هەبوو.

بەڵام پێم وایە بۆ یەک مەیموون دەبێ هەمیشە ڕێگا هەڵات هەبێت.

من ئێستا کاتێک بە ددانم گوێز دەشکێنم دەبێ زۆرم ئاگا لە خۆم بێت. بەڵام ئەوکات زۆر بە چاکی ئەنجامم دەدا. زۆرجار قوفڵی دەرگام بە ددانم دەکردەوە

بەڵام من ئەو کارەم نەکرد.

تازە ئەگەریش بمکردبایە دەرەنجامی چ بوو؟ هیچ

هەر سەرم نەدەبردە دەرێ، دیسان ڕاویان دەکردمەوە و لە قەفەزێکی خراپتریان دەخستم.

یا خۆ دەمتوانی بێ ئەوەی ئەوان بزانن خۆم دەرباز کەم و خۆم بهاویشتبایەتە ناو قەفەزی مارەکان، ئەویش ئەو مارە زەلامانە . بووا. ماری بووا.

یا خۆ دەرباز بوایەم و چووبایەمە سەر تەختی کەشتیەکە

لەم حاڵەشدا دوای ماوەیەک سەرێ و خوارێ لە نێو شەپۆلی دەریاکەدا دەخنکام

ئەم کارانە زۆر بێهیوایی دێنێت

هەڵبەت من وەک ئینسانەکان حیساب و کیتاب و لێکدانەوەم بۆ نەدەکرد.

بەڵام هەڵسوکەوتی سروشتی و دەور و بەرم وا لێکداوە و ڕەفتارم لەگەڵ کرد وەک ئەوەی کە حیساب و کیتاب و لێکدانەوەم بۆ کردبێت.

بەڵێ من لێکدانەوەی زۆر چاکم بۆ نەکرد و بۆچوونی وام بۆی نەبوو.

بەڵام هەموو شتێکم بە ئارامی و لەسەرەخۆیی لە ژێر چاوەدێری گرتبوو.

دیتم کە ئینسانەکان دێن و دەڕۆن،

هەمیشە هەر ئەم دەم و چاوە،

هەر ئەو هەڵسوکەوتە،

هەر ئەو ڕێگاڕۆیشتنە،

هەر پێت وابوو کە یەک نەفەر و یەک کەسن.

بەوە گەیشتم کە ئینسانەکان یا خۆ ئەم ئینسانانە و بێ هیچ کەند و کوسپێک هاتوچۆ دەکەن.

بیرۆکەیەکی باش بە فکرم گەیشت.

هەرچەند کەس ئەو بەڵێنەی پێنەدابووم ئەگەر وەک ئەوان بکەم و وەک ئەوانم لێ بێت لەم قەفەزە ئازادم بکات و دیوارەکانی لابەرێت.

هیچ کات بەڵێن بۆ کارێکی وا کە ئاستەمە نادرێت.

بەڵام ئەگەر جێ بەجێ بێت دوایی بەڵێنیشی پێ دەدرێت و گرینگیشی پێ دەدرێت.

هەڵبەت ئەم ئینسانە بۆخۆیان هیچیان نەبووە کە وەسوەسەم بکات

ئەگەر من یەک لەو کەسانە بوایەم کە هۆگری ئەوجۆرە ئازادیانە کەوا ناویانم برد و شرۆڤەم لەبارەوە کردن

زۆر بە تێرادوویی دەریام هەڵدەبژارد تا ئەو ڕێگای وا ئەوان پیشانیان دەدام

من ئەوانم زۆر لەوە پێشتر، زۆر لەوە پێشتر کە بیر لەم شتانە بکەمەوە لە ژێر چاوەڕدێری گرتبوو، بەڵێ ئەوانەی کە بینیم منی وا لێکرد بۆ بەرەو پێشەوە بڕۆم.

لاسایی کردنەوەی ئینسانەکان زۆر ئاسان بوو.

تف کردن، تف کردنم هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە فێر بووم

دوایی ئێمە دەستمان کرد بە تف کردن بە سەروچای یەکتردا، تەنیا جیاوازیمان ئەوە بوو کە من سەر چاوی خۆم دەلێستەوە، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەدەکرد

زۆر بە زوویی وەک ئەوان دەستم کرد بە پیپ کێشان، وەک پیپکێشێکی زۆر لێهاتووی کۆنەکار

پیپم دەکێشاد و دواییش

قامکم دەنا سەر پیپەکە و پاڵم پێوە دەنا

چەپڵەلێدان و هات و هاواری خۆشی و شادی تەواوی ئەنباری کەشتیەکەی پڕ دەکرد

تەنیا تا ماوەیەک جیاوازی نێوان پیپی خاڵی و پیپی پڕم نەدەزانی

خواردنەوەی بەتڵی عارەق زیاترین ئەرک و زەحمەتی بۆ من بوو

بۆنەکەی زۆری ئازار دەدام

بەڵام زۆر بەهێز و وتوانام بەکار هێنا

زۆر ڕۆژی خایاند کە تا بە باشی فێر بووم

زۆر جێی سەرسوڕمانە کە ئینسانەکان، ئەو هێز و ڕووحیاتی دەروونی من یان زۆر بە جیددی گرت

من ئێستاش لە یاد و بیرەوەریەکانمدا ئە ئینسانانەم بۆ لێ ناکرێتەوە.

بەڵام یەک یان زۆرێک لە ڕۆژ و شەوەکاندا بە تەنیایی یا خۆ لەگەڵ هاوکارەکانی لە زۆرێک لە کاتژمێرەکان دەهات و منی فێر دەکرد.

من بۆ ئەو ببووم بە پرسیارێکی نامۆ کە دەیویست وەڵامی بۆ پەیدا دەکات

ئەو سەری بەتڵەکەی بە ئارامی لادەبرد و تەماشای منی دەکرد بزانێت من فێر بووم یا نا. باوەڕم پێ بکەن زۆرجار وا چاوی تێدەبڕیم کە بۆخۆشم وەحشەتم دەکرد و دەترسام. زۆر بە جۆرێکی وەحشیانە چاوی لێدەکردم.

هیچ مامۆستایەک لە نێوان قوتابیەکانیدا، لە سەراسەری گۆی زەوی وەها قوتابیەک پەیدا ناکات.

دوای ئەوەی سەری بەتڵەکەی لابرد، دەینا سەر لێوی و بە گەرووی‌دا دەکرد. منیش چاوم لێ دەکرد و دەمدیت کە چۆن دەیخواتەوە.

لە دواییدا سەری دەلەقاند بە نیشانەی ئەوەی کە زۆر لە من ڕازیە و دیسان دەیناوە بە سەریەوە.

و من زۆر بە خۆشحاڵییەوە لەنوی فێربووم سەرم دەخوراند و دەملۆراند.

لە باری پانایی و درێژی

بە هەر شوێنێک کە دەستم بگەیشتبایە

ئەو پێی خۆشحاڵ دەبوو

بەتڵەکەی هەڵدەهێنا و قوڵپقوڵپ دەیخواردەوە و منیش بێئارام و قەرار و ئۆقرە، لاسایی ئەوم دەکردەوە.

یەک دووجار خۆم لە نێو قەفەزەکەدا پیس کرد.

هەر ئەو کارە ئەوی زور خۆشحاڵ و شادمان دەکرد.

ئێستا کە لە حاڵێکدا بەتڵەکەی لە خۆی دوور خستبۆوە، هەڵیدەگرت و دیساندەیناوە بە لێویەوە. زۆر خۆی خستبوو بە پشتدا و دوایی بەتڵەکەی بە یەک هەناسە تەواو کرد.

ئەوە لەو کاتەدا بوو کە یەکەم بەشی وانەی شرۆڤەکوتەوەی بە ئەنجام گەیاند و خەلاسی پێ دەهێنا.

زگی هەڵدەماڵی و دەستی بەسەردا دەهێنا و عۆینی لە خۆی دەنواند.

من هەستم بەوە کرد کە ناتوانم لاسایی بکەمەوە.

من عاجز لە لاسایی کردنەوەی بووم، لە ترسان خۆم بە میلەکانەوە چەسپاندبوو

ئەمە لە حاڵێکدا کە تازە وانەیبە کار کردن دەستی پێ دەکرد.

بۆ مەگە دەمتوانی؟ لەم هەموو شرۆڤە تێبگەم و ئێستا بە کاری بهێنم؟

بۆچی

بە تەواوی خۆم دۆراندبو.

بەڵام ئەمە بەشێک بوو لە چارەنووسی من

هەر چۆنێک بوو زۆر بە بێحاڵی و بێهێزی بەتڵەکەم گرت. بە لەرزە لەرز سەری بەتڵەکەم لابرد و هێدی هێدی هاتمەوە بەر خۆم و هێزێکی تازەم هاتەوە بەر. یەواش یەواش بردم بۆ لێوم. نەمدەتوانی بەتڵی خاڵی و پر لێک جیاواز بکەمەوە.

نامە سەر لێو و زۆر بە بێزاری فڕێم دا. زۆر بە قیزهێنەری هاتە بەر چاوم. هەرچەند خاڵی بوو بەڵام بۆنەکەی زۆری ئازار دام. فڕێم دا و خۆم کێشا دواوە.

مامۆستاکەم زۆر بەلاوسیر بوو. زۆری پێ تێک چوو. بۆخۆشم زۆر زیاتر لەو

بەڵام لە ترسان دەستم بە زگمدا هێنا و دەستم کرد بە عۆینواندن.

وانەکوتنەوە بەم جۆرە هەر بەردەوام بوو

و بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستاکەم دەبێ بڵێم

که ئەو زۆر خراپەی لەگەڵ مندا نەکرد.

زۆرجار ئاگری پیپەکەی لەسەر لەشم دەکووژاندەوە

دەیدیت که هەردووکمان زۆر بە دژواری خەریکین لەگەڵ خوو و ڕەوشت و سروشتی مەیموونیم بەربەرەکانی دەکەین و ئەم ئەرکە دژوارە بەجێ دەهێن.

گەورەترین دەستکەوت بۆ ئەو، ئەوکات بوو که یەکێک لە شەوان وا بینەرێکی زۆر کۆ ببوونەوە

پێم وایە جێژن بوو

گرامافۆنەکە دەیکوت

بەرپرسی کەشتیەکە زۆر بەتام و چێژەوە باسەکەی بۆ دەگێڕانەوە

بەڵێ، ئەو، ئەوکاتە که لەو شەوەدا بەتڵی عارەق لەبەر دم قەفەزەکەی مندا بە هەڵە داندرا بوو.

هەڵمگرت.

سەری بەتڵەکەم لابرد.

بەتڵەکەم نا سەر لێوم و بێوچان بێ ئەوەی یەک و دووی لێ بکەم یەک هەناسە و یەک بین وەک ئەوەی سەرجارم خواردبێتەوە، نام بەسەرمەوە و هەڵمقوڵی.

قوڵ قوڵ قوڵ.

هەتا تەواو خاڵی و بەتاڵ بوو.

چاوم لە کاسەدا دەسووڕا.

ته واو دونیا وه ک خول خوله ی لی هات بوو .

ئەم جار نه لە بێزاری

بەڵکوو وەک هۆنەرمەندێک بەتڵەکەم فڕێ دا.

بەڵام لە بیرم چوو زگم هەڵماڵم و عۆین بنوێنم.

زۆر بە کورتی بەڵام ئەو ڕادەیەی کە هەموو حاڵی بن

وتم: «سەلام»

چونکە ئیدی لەوە زیاترم نەدەتوانی

خۆم بە مەجبوور دەزانی

چونکە دەروونم پڕ لە جۆش و خورۆش بوو.

من بە کوتنی ئەم وشەیە پەڕیمە ناو دونیای ئینسانەکانەوە.

نێو کۆمەڵگای ئینسانی.

هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو هاواریان دەکرد گوێ ڕاگرن قسە دەکات، قسەی کرد.

هەرا و هەنگامەیەک ساز بوو.

لە هەموو لایەک ماچ بوو بە سەر و ڕوومدا دەباری

عارەقێکی ساردیشم کردبوو

دووپاتی دەکەمەوە

لاسایی کردنەوە ئینسانەکان زۆر بۆم گرینگ نەبوو، من لاساییم دەکردنەوە چونکە دەبوایە ڕێگا هەڵات و ڕێگا چارەیەکم بدۆزیایەتەوە، ئەگینا هیچ هۆکارێکی دیکەی نەبوو.

بەم سەرکەوتنەش نەمدەتوانی ئاسانکاری بۆ بکەم.

من دوای ئەوە تا ماوەیەکی زۆر نەمتوانی قسە بکەم.

زۆری خایاند تا دووبارە بە قسە بێمەوە.

بێزاری لە بەتڵی عارەق زۆرم لا زیاتر بوو.

ڕێگا و چارەی من لە پێشدا دیاری کرابوو.

کاتێک لە هامبۆرگ منی دا دەست هەوەڵین مامۆستای ڕاهێنانم، زۆر بە خێرایی دوو شتم بۆ دەرکەوت.

باغی ئاژەڵان یا خۆ سیرک

من یەک و دووم لێ نەکرد و بە خۆمم گوت: دەبێ تەواوی هێزت بەکار بهێنی تا بچیت بۆ سیرک

ڕێگاچارە و دەربازبوونت سیرکە

باغی ئاژەڵان هەمووی هەر قەفەزە کە لە ئاسن دروست کراوە، تەنیا تۆزێک گەورەتر و ئەگەر بچیت لە دەست دەچێ و دەمرێ.

و من فێر بووم

ئەندامانی ڕێزدار

ئەگەر کەسێک مەجبوور بێت فێر دەبێت.

کاتێک خوازیاری ڕێگای نەجات بیت، فێر دەبی.

بیٚ ترس فێر دەبیت.

بە قەمچی و شەلاق خۆی دێتە بەرچاو

بە چکۆلەترین بەرخۆدان و بەرەنگاری خۆی عەزاب وئازار دەدات

سروشتی مەیموونی، زۆر بە خێرایی و گوشاری تەواو لەمندا ڕۆیشتە دەریٚ.

بە جۆرێک کە یەکەم مامۆستای ڕاهێنانم بۆخۆی وەک مەیموونی لیٚ هاتبوو

بەجۆرێک کە مەجبوور بوو کاری ڕاهێنان وەلا بنێت بچێت بۆ خەستخانە و خۆی نیشانی دوکتۆرەکان بدات.

هەڵبەت خۆشبەختانە زوو چاک بۆوە.

من زۆر لە مامۆستای ڕاهێنانم کەڵکم وەرگرت و هاوکات لە چەند مامۆستام زۆرم کەڵک وەرگرت.

لە هێز و توانای خۆم ئاگادار بووم.



ڕۆژنامەکان و میدیاکان سات بە ساتی ژیانی منیان دەگواستەوە بۆ خەڵک

و داهاتووی من زۆر بە ڕوونی ئاشکرا بوو و دەستی بە درەوشانەوە کرد.

بۆخۆم مامۆستاکانم هەڵدەبژارد.



پێنج مامۆستام لە پێنج ژوری دیو ڕادەگرت و  و دیو بە دیو دەچووم فێر دەبووم.

له دیو ی  ک  زه مان فیر ده بوم

هلو. گود مورنینگ

های . گوند تاخ

بون ژو مادام بون ژو موسیو

Selam İyi günlerمرحبا افندیم


صبح بخیر

صباح الخير اهلا" وسهلا"

سلاو روژباش هه وال

سلاو به یانی تان باش

له دیویک شانۆ- هو نه ری ره سم و وینه. شعیر وئه ده بیات



موسیقا و هه لپرکه ی وسه ما وگورانی وجوله ی جه سته وته ناف بیرکاری



مـن نایشـارمەوە کە ئەم پێشـکەوتن و وەدەسـتهێنانە هـی بلیسـەی عیلم و زانست بوو کە لە مێشکمدا خەریک بوو وەخـۆ دەکەوت و دەو بە هۆکاری خۆشبەختی و بەختەوەری خۆم.

و دەبـێ ئەم ڕاسـتیەش بـدرکێنم کە هەر ئەوکـات و ئێسـتاش لەوە کەمترم

مـن بە تێکۆشـانی بێوچـانی خـۆم بەم ئاسـتە گەیشـتم کە وەک ئورووپایی بژیم.

هەرچەندە کە پێم وایە بەلای ئێوەوە گرینـگ نەبێـت، بەڵام زۆر خـاڵێکی سرنجڕاکێشە کە یارمەتیدام لە قەفەزەکە نەجاتم بێت.

ئەمە ڕێگـایەک بـوو بـۆ دەربـازبوون، دەربـازبوون بـۆ گەیشـتن بە پەلـی ئینسانی.

لە زەمانی ئاڵمانیدا ڕستەیەکی جوان هەیە:

«بە دزییەوە هەڵاتن و دەربازبوون، بەڵێ بە دزییەوە دەربازبوون».


چونک من هیچ ڕێگاچارەیەکم نەبوو.

و هیچ ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ئازادی نەبوو.

کاتێـک دووبـارە چـاو بە ئەم دەسـتکەوتنانەم و ئەم گۆڕانکـاریە لە نێـو خۆمدا دەخشێنمەوە

نە گلەییەکم هەیەو نە سکاڵام هەیە و نە پێشی نا ڕازیم.

دەست لە گیرفانم، شیشەی شەڕابم لەبەر دمە.



**هەڵبەت لە نێو دانیشتن و ڕاکشاندا**

**لەنێـــو کورســـیە م کەدا و لەبەر پەنـــجەرەی ژوورەکەمەوە چـــاو لە بەرژەوەندی وڵات دەکەم.**

**ئەگەریـــش کەســـێک بێـــت بـــۆ دیـــدارم، ئەوە بە ڕەســـمی ئەدەب وەریدەگرم. دێت و ئەوەی وا قسەی پێیە، گوێی دەدەمێ.**


**بەرپرســـی کـــار و بەرنامەکـــانم لەبەر دەرگـــای مـــاڵەکەم هەمیشـــە چاوەڕێیە. هەرکات هەرای لێ دەکەم دێت.**

**شەوانە زۆرکات بەرنامەمان هەیە.**

**ئیدی کاتی ئەوەم نەماوە کە سەرکەوتنی تازەتر بە دەست بە ێنم.**

کاتێک شەوانە لە بەرنامە یا خۆ لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە زانستی و هونەریەکان دەگەڕێمەوە و شامپانزەیەکی بیچکۆلە و زەریف چاوەڕێم دەکات.

و من بە شێوەی مەیموونی خۆم لەگەڵیا سەرخۆش دەبم و کات دەبەمە سەر.



بە ڕۆژدا نامەوێت ببینم

چونکە زۆر گێژ و وێژە. لە ئاژەڵێکی تازە ڕاهێنراو دەچێت و من ناتوانم وەریگرم، بۆم تەحەممول ناکرێت. لە تاقەت بەدەرە

من لە ئاکامدا بەوە گەیشتووم کە دەبوو بگەیشتبایەم

ناتوانم بڵێم بە زەحمەتی نەدەبوو

ئەمەش بڵێم کە من نامەوێت ئینسانەکان قەزاوەت بکەم و تەنیا دەمویست زانیاریتان پێ بدەم

تەنیا ڕاپۆرتێک بۆ ئێوە

ئەندامانی بەڕێزی فەرهەنگستانی زانست! تەنیا ڕاپۆرتتان دەدەمێ.

